ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# عەلمانییەت وپاساو هێنانەوە بۆ گەندەڵی

فاضل قەرەداغی

رێگای یەکبوون ،٦٦، ١٢/٦/٢٠٠٠،ل ٥

هەر کۆمەڵگەیەك ژمارەیەك بەها باوی هەیە کە دەرچوون لێیان و موخالفە کردنی ئاشکرایان مرۆڤ رووبەڕووی ناڕەزاییەکی کۆمەڵایەتی دەکات ئەوەش ئەگەر ئاکامی یاسایی نەچێتە پاڵ ئەو ناڕەزاییە. هەر کاتێکیش هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەو بەهایانە بدرێت هەوڵێکی هاوکات بۆ بەشەرعیکردنی ئەو گۆڕینە دەدرێت.

بەشەرعیکردنی ئەو شتەی تا دوێنێ جێگەی ناڕەزایی بوو بریتییە لە باسکردنی ئاشکرای شتەکە و پێبەخشینی ناوی جوانتر و حاڵ دەگاتە رادەی پێدانی شەرعییەتی یاسایی. تا کۆمەڵگەش زیاتر رووەو گەندەڵی بچێت بازنەی شتە قەدەغە کراوەکانی دوێنێ و رێگەپێدراوەکانی ئەمڕۆ فراوانتر دەبێت.

عەلمانییەت مەنزومەی بەهای تایبەتی خۆی هەیە کە سەرچاوەی لە بەها ئاسمانییەکانەوە نەگرتووە بەڵکو مۆرکێکی زاڵی شوێنی دیاریکراو زەمەنی دەستنیشان کراوی بەسەرەوە دیارە بگرە هەڵقوڵاوی ئەو شوێن و کاتەشە مەنزومەیەکی بەهای واش کە سەرچاوەیەکی ئاسمانی بێ خەوشی نەبێت ناتوانێت لە نێوان (نەگۆڕ) و (گۆڕاو) جیا بکاتەوە و تواناى نییە نرخێکی راستەقینە بۆ نەگۆڕەکان دابنێت. مادەم بەو تێڕوانینە هەموو شتێك دەگۆڕێت و بەهاکانیش لەمەوە قابلی گۆڕانن کەواتە هیچ بەهایەك نییە بتوانێت خۆی لە هەموو شوێن و کاتێکدا بسەلمێنێت و هەر کاتێك عەلمانییەت بیەوێت بەرەهایی باس لەهەر بەهایەك بکات دوو چاری ناڕێکی لەناو خودی خۆیدا دەبێت.

تێروانینی دروست بۆ بەهاکان ئەوەیە کە ئەمانە دوو بەشن : (نەگۆڕ) و (گۆڕاو)، رەهاو نسبی، هەمیشەیی و کاتی بەڵام تەنها ئاینی ئاسمانییە کە دەتوانێت ئەم جووتانە پێکەوە گرێبدات بێ ئەوەی تووشی ناڕێکی بێت.

ئەگەر فەرمانە ئەخلاقییەکان وەکو نموونە باس بکەین و یەکێکیان بە تایبەتی وەربگرین کە فەرمانی (دزی مەکە)یەو لێی وردبینەوە دەبینین پاساوی یاساغ کردنی تاوانی دزی لەلایەن ئاینە ئاسمانییەکانەوە روون و ئاشکرایە. خودایەك هەیە ئەمەی حەرام کردووە و بۆیە حەرامێتییەکەی هەر دەمێنێت، بەڵام مەنزومەی بەهای عەلمانی ناتوانێت فەرمانێکی وا لە خۆ بگرێت بێ ئەوەی خۆی تووشی نارێکی نەکات. عەلمانییەت بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەم فەرمانە ناچاری ئەو تەفسیرە دەبێت کە دزی کردن تەعدا کردنە لە موڵکایەتی کەسانی تر. دەکرێت ئەمە بە درێژایی هەزاران ساڵ خۆی بسەلمێنێت و سەلماندوویەتی بەڵام تۆ بڵێیت رۆژێك نەیەت ئەو دزی کردنە نەبێتە مایەی شانازی و سەلماندنی لێهاتوویی و فەرمانەکە هیچ نرخێکی نەمێنێت؟

ئەوەی تا ئێستا ویستوومە بیڵێم ئەوەیە کە بەهاو پێوانەو ئەخلاقی عەلمانی (شوێن ) و (کات) دەستنیشانیان دەکەن بەڵام شوێن و کات بوونەوەرێکی بەرجەستە نین بۆیە راستترە ئەگەر بڵێین کە مرۆڤ گۆڕان بەسەر ئەو بەهایانە دەهێنێت، ئەو مرۆڤەش بەدوای پاساو بۆ ئەو گۆڕانە دەگەڕێت.

نزیکترین نموونە لە خۆمانەوە جەنگی ناوخۆی کوردستانە کە بە پێی پێوانەکانی کوردایەتی ئیدانە دەکرێت بەلاَم حاڵی جەنگەکە بۆی هەیە بگاتە ئەوەی بە جەنگێکی پیرۆز بزانرێت. تا ئەمڕۆ جاروبار جەنگی ناو خۆ لە لایەن دوو حزبەکە شەڕەکەرەکەوە ئیدانە دەکرێت بەلاَم ئەگەر شەڕ رووبدات و بەردەوام بێت و راگەیاندن لەسەر ناشیرین کردنی بەرامبەر بەردەوام بێت ئیدانە کردنی جەنگی ناوخۆ لەمەودوا بە چاوی گومانەوە تەماشا دەکرێت و هەڵوێستی رەخنەگرانە مەوقیعەکانی خۆی دەدۆڕێنێت و پاساوەکانی جەنگ بەرز دەبنەوە.

بوارێکی تری ئەخلاقی پەیوەندییە جنسییە ناڕەواکانە کە سەردەمێك بوو لە رۆژئاوا بەو وەسفەی (ناڕەوا) دەناسرا و ئەمڕۆ بووەتە پەیوەندی رەوا. لە کۆنەوە پەیوەندییەکە زینای پێ دەوترا، ئەو ناوە پاشان نەما و بووە پەیوەندی جنسییە ناشەرعی و پاشانتر وشەی ناشەرعی جێگەی بۆ نەما. لە لایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان نێرەکان بەتەنیا یان نێوان مێیەکان بەتەنیا ناوی شیاوی خۆی هەبوو بەلاَم دوایی ناوێکی (زانستی)ی پێ بەخشرا ئەویش (شذوذ)ی جنسی بەلاَم ئەمڕۆ ئەم (شذوذ) ئەوەندە باوە لە رۆژئاوادا کە بۆتە (ئەسڵ)ێك لە ئەسڵەکان و چیتر پێی ناوترێ (شذوذ) چونکە وشەی (شاذH پێچەوانەی وشەی (ئاسایی)یە. نێر بازی کارێکی ئاساییە بۆیە نابێت ناوی (شذوذ)ی لێ بنرێت. هەر لەم بارەیەوە جارێکیان لە کەناڵی (الجزیرة)دا دکتۆرێکی موسڵمان لە فەڕەنسا بە تەلەفۆن موداخەلەی لە بەرنامەیەکدا کرد و وتی وشەی (شذوذH لە کتێبە پزیشکییەکانی فەرەنسا دا لابراوە.

ئەگەر بشگەڕێینەوە کوردستان پاساو هێنانەوە و ناو گۆڕین و وێنەجوانکردنی هاو شێوە دەبینین. بەزینا دەوترێت ئازادیی جنسی، قەدەغەکردنی مەشروب بە پێشێلکاری مافی مەدەنی (!) ناودەنرێت و ئەو پۆشاکەی کە کەمێك لە لەشی ئافرەت دەپۆشێت بە جلی مەدەنی (!!) ناو دەبرێت، حجاب هێمای دواکەوتنە، قەدەغەکردنیشی خزمەتە بە ئافرەت، تێکەڵاوی پیاوو ئافرەت شارستانییە، درۆ دەکرێت و ناوی سیاسەتی لێ دەنرێت، سامانی میللەت رەوانەی بانکەکانی دەرەوە دەکرێت و ئەمە بە (استثمار) ناو دەبرێت، ١٪ ی داهاتت لێ دەسەنرێت (ئەگەر خاوەنی داهات بویت )و ناوی باجی لێ دەنرێت بەلاَم بە ناوە رەسمی و یاساییەکەی باجەوە دەترووتێننەوە و خوێنت دەمژن و نابێ هیچی تێدا بێت چونکە هەر باجەو خزمەتە بە حکومەتی گەل.

ئەگەر عەلمانییەت دەسەلاَتی خۆی زیاتر بسەپێنێت و بەهاکانی خۆی فەرز بکات دەبێت چاوەڕێی گۆڕینی زۆربەی زاراوەکانی ئەمڕۆ و جوانکردنی ئەو کارانەی بەناشیرینیان دەزانین و چاوەڕێی قێزەون کردنی وشە پاك و پیرۆزەکانی ئێستامان بین.

دەڵێن دنیا دەگۆڕێت و هیچ لە جێگەی خۆیدا نامێنێت بۆیە ئاساییە ئەوەی ئەمڕۆ بەکاری خراپی بزانین سبەینێ لای خەڵك ئاسایی دەبێت بەلام دنیا کێیە ئەگەر خۆمان نەبین؟ راستر و درووست ترە ئەگەر بڵێین مرۆڤ گەندەڵتر دەبێت و بۆ ئەم گەندەڵییە دەکەوێتە پاساو هێنانەوە و شەرعییەت پێدان، عەلمانییەت ئاوی بۆ ئەمە ڕشتووە و نەوە داماوەکانی داهاتوو ناچارن پێی تێبخەن .

عەلمانییەت گەندەڵیی لێ دەزێت، ئەویش ناوی جوانی بۆ دەدۆزێتەوە و پاساو بۆ وجودی دەهێنێتەوە، ئەگەر لە ساتی لەدایك بوونی ئەو گەندەڵییەش نەبێت ئەوا لە رۆژانی لاوێتی و گەورە بوونیدا.